تەکنیکی مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی(باڵندەکانیش دەنیشنەوە) ی بەیان سەلمان دا

شیراز عبدالله حسن، مەریوان عمر حسن

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە- ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(تەکنیکی مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)یە، تێدا هەوڵماندراوە تەکنیکەکانی مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی دەستنیشان بکەین لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)ی بەیان سەلماندا، لەلایەنی دەروونی کارەکتەرەکانەوە کۆڵیوەتەوە. هەروەها بەشێوەیەکی تیۆری هەرێک لە تەکنیکەکانی مۆنۆلۆگ ناسێنراون .

بۆڕاڤەکردنی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکەمان بە (میتۆدی ڕەخنەی دەروون)ی پێشکەش کردووە، بەپێی لێکدانەوەکانی فرۆید لەلایەنی دەروونی و هەست و سۆز و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەمان دەکۆڵیوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ، هەروەها و چۆنیەتی دروستبوونی مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو، لایەنی سایکۆلۆجیی کارەکتەرەکان و نیشاندەدەین لەگەڵ دیاریکردنی هۆکارە دەروونییەکانیان .

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە دەرخستنی جۆرەکانی مۆنۆلۆگە لە ڕۆمانەکەدا کە تێدا، بێ گوێدانە یاسا ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان ناخ و هزری کارەکتەرەکان نیشاندراوە. توێژینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

کلیلە ووشەکان- دەروونشیکاری، مۆنۆگی دەروونی، مۆنۆلۆگی شانۆیی، خۆدواندن.

پێشەکی:

ئەم ناونیشانەی سەرەوە، کە توێژینەوەیەکە هەڵێنجراوی نامەی ماستەرە، توێژینەوەیەکە لەسەر تەکنیکی مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لەڕۆماندا، کە مۆنۆلۆگ وەکو یەکێک لە تەکنیکە نوێیەکانی گێڕانەوە بەکاردێت، لەلایەن ڕۆمانووسانی سەدەی بیستەمەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بونیاد و داڕشتنی دەقی ئەدەبیدا هەیە، بەتایبەتی ڕۆماندا.

کە وەک هەر تەکنیکێکی دیکە شێواز و تایبەتمەندی بەخۆی هەیە، دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕوویاندا، چیرۆک و ڕۆمانیش بەدەر نەبوو لەوبەرەوپێشچوونەی لەهەموو ژانرە ئەدەبییەکان، بەدرێژایی مێژوو ئەم ژانرە لەنوێبوونەوەدابووە، لەڕووی ڕووخسار، ناوەڕۆک، ڕەگەز، زمان، تەکنیک و کەرستەکانی دیکەیەوە، هەر لەسەرەتایی سەرهەڵدانی ڕێنسانس و ئەو شۆڕشە ئەدەبیانەی لە ئەوروپادا ڕوویدا، چەندین تەکنیکی نوێ سەریهەڵدا، کەبەهۆیەوە گێڕانەوەکان لە فۆرمێکی سادەو و ساکارەوە بۆ فۆرمێکی هونەری گۆڕا، ڕۆماننووسیش لەڕێگەی ڕەگەز و تەکنیکەکانەوە فکر و دونیابینی خۆی تێکەڵ بەگێڕانەوەکان کردووە.

مۆنۆلۆگیش یەکێکە لە تەکنیکە دیارەکانی چیرۆک و ڕۆمان لە ئەدەبی مۆدێرندا زێتر بەرەوپێشچووە، لەڕوانگەیی میتۆدیی ڕەخنەی دەروونشیکاریەوە هەوڵدراوە هەموو ئەو دۆخە دەروونیانەی، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروونی کارەکتەر هەیە، بخرێتە ڕوو، کە گوزارشت لە هەستە شاراوەکان و هەموو کێشە دەروونیانە ناو ناخی مرۆڤ دەکات، کە تاک ناتوانێت بەڕەهایی دەربببڕێت، بە مۆنۆلۆگ دەردەبڕدرێت، ئەوەنیشانی خوێنەر دەدات، کە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر دەروونی کارەکتەر دروستبووە وەکو (هەڵچوون، چاوچنۆکی و دەستکراوەیی، ڕەشبینی، گەشبینی، نیگەرانی، ترس، نامۆیی، خۆبەکەمزانی و خۆبەزلزانی، تووندڕەو،.....).

ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)ی، لەنووسینی "بەیان سەلمان"ە، ئەم ڕۆمانە باس لە نەهامەتییەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس و دواتر دەکات، ئەو کارەکتەرانەی لەم ڕۆمانەدا بوونی هەیە، هەموویان لەواقیعی کۆمەڵگاوە سەریان هەڵداوە. وەکو هەر تاکێک لە نێو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، کە بەهۆی کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانەوە، یاخود چەندان کێشەی دیکەوە، دووچاری سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی دەروونی بوونەتەوە، هەریەک لەو کارەکتەرانەی لەم ڕۆمانەدا دەبینرێت، خاوەنی کۆمەڵێک حەزی کپکراوە و ئارەزووی بەدی نەهاتوون، ڕۆماننووس لەپێناو ئاشکراکردنی هەموو ئەو حەزە شاراوەنەی ناخی کارەکتەرەکاندایە هەوڵیداوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە هەموو ئەو پاڵنەرە دەروونیانە بخاتەڕوو، بەمەبەستی شیکردنەوە و نیشاندانی ئاگا و نائاگا کارەکتەر.

لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی تیوریيەوە باسمان لەزاراوە و پێناسەکانی مۆنۆلۆگ کردووە، پاشان لە بەشی دووەمدا باس لە جۆرەکانی مۆنۆلۆگ کراوە، بەشێوەیەکی پراکتیکی سوودمان لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوەی) بەیان سەلمان وەرگرتووە، چونکە ئەم ڕۆمانە تەکنیکەکانی مۆنۆلۆگ تێدا بەرهەم هێناوە، کە بنەما و خاسیەتی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا خراوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 4(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n4y2026.pp43-51

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 23 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 14 كانون الأول 2025؛ نُشرت في 13 تشرين الأول 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : shirazabdulla985@gmail.com, mariwan.hassan@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر © شيراز عبدالله حسن، مەریوان عمر حسن. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

میتۆدی توێژینەوەکە

لەپێناو بیناکردنی توێژینەوەکەمان سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی وەرگرتووە.

سنووری توێژینەوەکە

کارکردنە لەسەر ڕۆمانی(باڵندەکانیش دەنیشنەوە)ی، بەیان سەلماندا

بەشەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێوەیەکی تیۆریی لەبارەی مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی مۆنۆلۆگ دواوین، لە بەشی دووەمدا بەشێوەیەکی کارەکی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی باڵندەکنیش دەنیشنەوە دیاریکراون، لەگەڵ پوختە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

بەشی یەکەم
سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی مۆنۆلۆگەوە

١-١: زاراوەی مۆنۆلۆگ

مۆنۆلۆگ وشەیەکی جیهانیە، لەلای هەر نەتەوەیەک بەجۆرێک بەکاردێت. (زاراوەی مۆنۆلۆگ وەک زۆربەی زاراوەکانی دیکەی بواری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی زاراوەیەکی گریکیە کە لە لێکدانی هەردوو ووشەی (**monos**) تاک و (**logos**) قسەکردن دروستبوو،)) (حاجی:٢٠٠٩، ١٨٣)، لەڕووی واتاییەوە بەمانای (خۆت قسە بکە) سەرچاوەی گرتووە. واتە وشەیەکی لێکدراوە لە یەککرتنی هەردوو ووشەی (**monoslogos**) هاتووە. دواتر لە زمانی بەریتانی و ئەمریکیدا زاراوەی (**monoslogues**) ی بۆ بەکارهاتووە، کە بەواتای دەرخستن و خستنەڕووی قسە نەوتراوەکانی ناوەوەی مرۆڤە.

یەکەم کەس، کە دەستەواژەی مۆنۆلۆگی ناوەوەی بەکارهێنا ((ئیدواردۆ جاردین بوو لە ڕۆمانی(**The Cut Laurel Coupes**)، تێدا پێناسەی کردووە ئەو ووتارە نەبیستراوەو نەگوتراوە کە کارەکتەرێک لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوەکانی خۆی دەردەبڕێت))(خلیل:٢٠١١، ١٨٦)، لەم چیرۆکەدا خوێنەر لە سەرەتا تاکۆتایی خۆی لە ناو مێشکی کارەکتەردا دەبینیتەوە. مۆنۆلۆگ ورده ورده وەکو هەموو تەکنیکەکانی دیکەی گێڕانەوە پەرەیسەندوە، پاشان بە نێو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەی (مونولوج، حوار داخلی، مونولوجی داخلی) بەکاردەهێنن، هەروەها لە ئەدەبیاتی فارسیشدا (تک گویی- مونولوگ- گفت و گو باخود- حدیث نفس)

ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی هاوسێیی و هاوتەریبی لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە، ئەمەش هۆکارە بۆ نزیکی زاراوەکان و ڕەنگدانەوەی لە نێو ئەدەبیاتی یەکدیدا.

لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا زاراوەی (مۆنۆلۆگ، مەنەلۆگ، مەنەلۆج، گفتوگۆیی دەروونی، گفتوگۆی ناوەکی، خۆدواندن...) بەکاردێت.

ناساندنی مۆنۆلۆگ لەڕووی تیۆرییەوە:

ئەم تەکنیکە لەنێو ئەدەبیاتدا گەلێک پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە کە هەریەکەیان لەڕوانگەی جیاوازەوە تێیانڕوانیووە، مۆنۆلۆگ ((ئەو دواندنەیە کە لە ناخێکی شڵەژاو دێتەدەرەوە بە هێزێکی نادیاری لەگەڵ خودی خۆی دێتە دووان))(حسن و عیزالدین: ٢٠٢١،٥٤)، مرۆڤ بەشێکی شاراوەی هەیە، کە لە نائاگایدا بەشێوەی پچڕپچڕ هەموو وێنە و ڕووداوەکانی تێدا کۆبووەتەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت، لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا بەسەرییدادێت، ڕەنگدانەوە دروست دەکات لە ناخ ودەرونیدا پاشان بە مۆنۆلۆگەوە دەریدەبڕێت ئەمەش جۆرێکە لە دەربڕینی نووسەر بۆ پەرەپێدانی ڕووداوەکان بەکاریدەهێنێت.

لە فەرهەنگی کلیلداندا مۆنۆلۆگی بەمجۆرە ناساندووە ((ئەم گێڕانەوەیە ئەنجامی ئەوەیە کە نووسەر دەچێت و تێکەڵاوی قسەی کەسایەتیەکان دەبێت، وەک:"محەمەد بیری کردەوە کە ئیدی پێویستی بە.....نابێت" لێرەدا وا دەردەکەوێت، نووسەر ئەرکی موحەریرێک دەبینێت کە گوتاری تایبەتی دادەڕێژێتەوە، یاخود هەندێک جار ئەم مۆنۆلۆگە بە هۆی دەخالەتی کەسایەتییەکانەوە لە قسەی نووسەرەکەدا دروست دەبێت.))(بەرزنجی و بەرزنجی:٢٠٢٤، ٤٨٩).

ئەوەی ئەم تەکنیکە لە تەکنیکەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە خوێنەر پەیامە شاراوەکانی ڕۆمانووسی بۆ دەردەکەوێت بەشێوەیەک ((نیاز و مەبەستی ناخی کارەکتەر لە چیرۆکدا لە ڕێگەی حەکایەتخوانەوە ئاشکرا دەکات، هەروەها چێژو و ڕازاوندنەوە دروست دەکات.))(محەمەد:٢٠٢٣، ٢٢٢) خوێنەر چیژ لە لێکدانەوەکانی وەگێڕ دەبینێت، چونکە ڕووداوەکانی دوای مۆنۆلۆگی بۆ ڕوونەدەبێتەوە و ئاگاداری وردەکاریەکانی کارەکتەرەکانی دیکەش دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی و هاوسۆزی لەنێوانیاندا دروستدەبێت، وەکو شایەتحاڵی ڕووداوەکان خۆی دەبینێتەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا.

د. پەری محەمەد ساڵح لە پێناسەی مۆنۆلۆگدا پێوایە ((مۆنۆلۆگ دەربڕینی دەنگێکی ناڕەزایی خودە بەرامبەر بە هەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان، ڕاستڕین و واقیعیترین دەربڕینە، ناتوانرێ بە ئاشکراو پڕبەدەم هاوار بکرێ و دەربڕدرێ.))(ساڵح: ٢٠١٢، ٢٣٠)، ڕۆمانووس زۆرجار بۆ بیرهێنانەوەی یادەوەریەک یان ڕووداوێک لە ڕابردوودا کە ڕوویداوە، بەبێ ڕەچاوکردنی کات و شوێن ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنێت ((لە مۆنۆلۆگدا کارەکتەر گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات بۆ ماوەیەک دیاریکراویش ڕەگەزەکانی کات و شوێن ئامادەگی خۆی لەدەست دەدات))(سعید:٢٠١٣، ٨٠)، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کارەکتەر بە ئازادانە ناخی خۆیی دەربڕێت کە پەیوەست بە کات نەبێت بەمشێوەیە خوێنەر یان وەرگر لەگەڵ کرۆکی ڕۆمانەکە ئاوێتە دەبێت. ئەو پەنهانی و شاراوەییەی لەڕۆمانەکەدا هەیە، ڕۆمانووس لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە بەخوێنەری دەگەیەنێت، تێدا بەبێ گوێدانە هیچ دەستور ویاسایەکی ئاینیی و کۆمەڵایەتی گوزارشت لە ناخی کارەکتەرەکان دەکات.

دەتوانین بڵێین ڕۆمانووس ((بەهۆی کاریگەری زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕابردووی و لەڕێ پاڵنەری هەست و سۆزییەوە و بە کاریگەری هێزی ناوەکی دەروونییەوە چیرۆکەکە دەچنێت))(دەوڵەت:٢٠١١، ١٨١)

ڕۆمانووس حەقیقەتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ڕاستگۆیانە لە ڕێگەی کارەکتەرەوە بەشێوەی مۆنۆلۆگ دەردەبڕێت، واتە ((مۆنۆلۆگ جۆرێکە لە گێڕانەوە تیایدا ئەزموونەکانی ناوەوە و سۆزی کارەکتەرە جیاوازەکان لە ئاستە جیاجیاکانی زەین بەر لە دەربڕین دەنوێنێت))(ئیسماعیل:٢٠٢٢، ٤٢)، هەموو دیوە شاراوەو و قەدەغەکانی ناو دەروونی کارەکتەر نیشاندەدات، کە ناکرێت بە ئاشکرا دەربڕدرێت، بەهۆی ئەو یاسایانەیی ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵگا بۆ تاکەکانیان دروست کردووە ، زۆرجاریش دروستبوونی مۆنۆلۆگ لەڕووی دەروونیەوە خالیکردنەوەی ناخی ڕۆمانووسە بەڵام هەندێکجار ڕۆمانووس پەیامێک لەڕێگەی مۆنۆلۆگ و دواندن بە بیدەنگی یان لەڕێگەی تاک دەنگی یاخود خۆدواندنەوە لەزاری کارەکتەرەوە دەدرکێنێت. بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەک لای خوێنەر دروستبکات، بەجۆرێک ((کرۆکی مۆنۆلۆگی کارەکتەر چیرۆک پەیوەندارەدەبێت بە سەرتاپای ڕووداوەکە، یاخود بە پێچەوانەوە زۆرجار دەبێتە

هۆی دەرکەوتنی ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو. کە بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی بۆ سەر ئاقاری ڕووداوە گشتییەکە هەبێت.))(دەوڵەت:٢٠١١، ١٧١)

لە ڕووی زمانەوە ئەو ئاخاوتنانەی کە بە شێوەی مۆنۆلۆگ گۆ دەکرێت، ڕێکخراو و بەرنامە بۆ دارژاو نییە، بەڵکو بە شێوەی هەرەمەکی و پەرتەوازە دەبێت. بەجۆرێک کارەکتەر قسەکانی لە مێشکی خۆیدایە، گفتوگۆ لەگەڵ دەرونی و مێشکی خۆی دەکات، بۆ کەسی بەرامبەری نادرکێنێت، ((گێڕەوەی دەروونی تەنیا لەگەڵ دەروونی خۆی دەدوێ، خۆی قسەکەر و گوێگریشە، لە دەروونی خۆیەوە لێکدانەوە بۆ دەرەوە دەکات و هەڵیدەسەنگێنێت.))(عەلی:٢٠١٥، ١٥٠)، پێویستی بەڕێکخستنی شێوازی قسەکردن و گرنگیدا بە ڕەوانبێژی و ئەتەکێتی قسەکردن نیە، بەڵکو ((دەربڕینی ڕستەکان (ئامرازەکان و پێکەوەبەستنەکانیان) پشت بە زیرەکی و هێزی دەرخستنی خوێنەرو شێوازی دروێبوونەوە و بەهای وشەکان و ڕۆڵی زمان و کاری ڕستەکە دەبەستێت. تەنانەت ئاوازی گێڕانەوەش زۆر جیاوازە لە گێڕانەوەی ئاسایی.))(مولود:١٣٩٦، ٩٦) ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات بەوردی لە وشە و ڕستەکانی ئەم تەکنیکە بڕوانێت، چونکە پەیڕەوی وشەسازی و ڕستەسازی ناکات، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە پێویستی بە بنەما ڕێزمانییەکان نەبێت.

سەبارەت بە زمانی گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆمانەکان کۆژینۆف دەڵێت ((لە نێو ژانرە ئەدەبییەکانی هەر یەک لەڕۆمان و چیرۆکدا زۆرینەی لایەنە ڕەوانبێژییەکان ڕۆڵێکی سنووردارییان هەیە، بەکارهێنانی لە ڕۆمان یان چیرۆکدا لە بارودۆخێکی ئاسایدا زیادی نیە، ئەگەر کەمی نەبێت لە بەکارهێنانی لە زمانی قسەکردنی ئاسای ڕۆژانەدا.))(فەرج:٢٠٢٢، ١٧٥).

لەڕووی مێژوییەوە سەرچاوەی دروست بوونی مۆنۆلۆگ دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو شانۆگەرییانەی لە یۆنانی کۆندا نمایش دەکرا، تێدا یەرو بۆچونە فەلسەفیەکانیان دەخستەڕوو، بەتایبەتی لەشانۆگەری یوریبیدس و ئەسخیلۆس پاشان قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری تازەی بەخۆوە بینی.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنسانسیشدا ئەوروپادا ئەم تەکنیکە لە شانۆدا زیاتر بەرەوپێشچوو، ولیام شکسپیر ڕۆڵێکی دیاری لەم بەرەوپێشچوونەدا هەبوو، لە شانۆگەریانیدا گرنگی بە مۆنۆلۆگ دەدا، بەتایبەتی لە شانۆگەرێی هاملێت. هەروەها ساموئل بێکت لە شانۆگەریدا ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە.

لەسەر تەختی شانۆدا کارەکتەر بەتەنها بەدەنگی بەرز قسەکانی ڕاستەوخۆ ئاراستەیی ئامادەبووان دەکات، جەخت لە هەست و بیرکردنەوەکانی ناخی خۆی دەکات و بینەریش بەئاسانی دەتوانێت لەڕێگەی دەربڕینی گریان و پێکەنین یاخود بەکارهێنانی زمانی جەستەوە بچێتە نێو هزر و دڵی کارەکتەرەکەوە لەڕوانگەیی خۆیەوە ئەزموونی بکات.

دەتوانین بڵێین مۆنۆلۆگ تەنها لە چیرۆک و ڕۆماندا و شانۆدا نییە، بەڵکو لە شیعرشدا بوونی هەیە، بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی لە شیعری (وتم بە بەختی خەوالوو) مۆنۆلۆگی بەکارهێناوە، هەروەها لەلای زۆربەی شاعیرانی ئەدەبی هاوچەرخدا ئەم تەکنیکە لە نێو شعرەکانیدا دەبینرێت. ئەگەر بڕوانینە شیعری (ئیوارەی پایزدا)، کە هێمنی شاعیر لە ئیوارەیەکی پایزدا، بیرەوەریە کۆنەکانی بەبیردایتەوە، باسی حاڵی خۆیی دەکات، ئەوەی لە دەروون و ناخیدایە هەڵدەڕێژێت.

دەڵێت:

چاوم لە ئاسمان بڕی
دڵم هێندەی دیکە گیرا
گەڵێک بیرەوەری کۆنم
لەپڕ هاتەوە بە بیرا
ئارام ئارام بە لۆژە لۆژ
ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە
نە کەس لە پێشمدا دەڕوا
نە کەس دیارە بە دوومەوە (هێمن: ٢٠٠٣ ٩٢-٩٣)

شاعیر بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەسفی ئەو ساتە دەکات کە تێکەڵ بەبیرکردنەوەکانی بووە، ئەم هەستە ڕۆژانە تووشی مرۆڤ دەبێت، بە تایبەتی لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک مەبەست و ئامانجی لە پشت ئەم دەربڕینانەوە هەیە، کە بەشێوەی مۆنۆلۆگ ئاراستەی خوێنەر دەکرێت بە مەبەستی دەرخستنی کەموکورتیەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا.

گرنگیی مۆنۆلۆگ لە ڕۆماندا

ڕۆمان وەکو هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی هەڵقوڵاوی ناو واقیعی کۆمەڵە ، ڕۆمانnووس بە زمان و قسەکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی، کەتێدا دەژی، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەمەبەستی لێکتێگەیشتن و باشترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان پەیامێکی مەعریفی بە خوێنەر دەگەیەنێت. لە ڕێگەی ئەدەبەوە ڕۆمانnوس پەیام و بیروبۆچوونەکانی خۆی بەشێوەیەکی ئیستاتیکی و هونەری بەخوێنەر دەگەیەنێت. لە نێو ڕۆماندا مۆنۆلۆگیش کەرستەیەکی بەهێزە بۆ نووسەران کە لەم ڕێگەیەوە پەرە دەدەن بە کارەکتەر وئەو گرێ دەروونییانەی، کە هەیەتی بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ هەستەکانیاندا دەکەن.

ڕۆڵێکی بەرچاو لەبەرەو پێشخستنی پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەبینێت، لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە نووسەر بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆژی دەدات و دەچێتە نێو قوواڵای دەرون و هەست و نەستی کارەکتەرەکانەوە لە دیوی ناوەوەیان دەکۆڵێتەوە، کۆمەڵێک هەستی شاراوە وەکو (خەم، ترس، شەرم، تەنیایی، دڵەڕاوکێ، دوودڵی، ڕق وکینەو بوخز، ناکۆکی، حەسودی، خۆبەکەمزانی، نائارامی، بێتەتانەیی،.....هتد) دروست دەبێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکات.

دەتوانین بڵێین مۆنۆلۆگ وەکو تەکنیکێکی دیکەی گرنگیەکی دیاری هەیە، لە بەرەوپێشچوونی ڕۆماندا.

١-ڕۆمانnووسی سود لە بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ وەردەگرێت، بۆ دەربڕینی هەموو ئەو ئارەزووە کپکراوانەیی کە کاریگەری لەسەر هەموو قۆناغەکانی تەمەنی کارەکتەر دروستکردووە، بەبێ ئاگای بەشێوەیی مۆنۆلۆگ لە ڕۆماندا ئاشکرای دەکات. .

٢-ڕۆمانnووس مۆنۆلۆگ بەکاردەهێنێت، بۆ دەربڕینی هەستی پەشێمانی لەوڕووداوانەی لەڕابردوودا بەسەر کارەکتەردا، یاخود ((ئاوات خواستن و بیرکردنەوەیەک بەبێ دەنگ بەمەبەستی ڕاوێژکردن لەگەڵ خود و گەڕان بەدوای وەڵامێکی دروستدا بۆ خۆی.))(جەمیل:٢٠٢١، ٢٩٧)

٣-یەکێک لەخاڵە گرنگەکانی مۆنۆلۆگ لە ڕۆماندا ئەوەیە، کە ڕۆمانnووس لەڕێگەییەوە هەوڵدەدات هەموو ئەو دیاردانەی کۆمەڵگا بخاتە ڕوو کە کاریگەرێی لەسەر ناخ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات.

٤- دەرفەتێک بۆ کارەکتەر دەرەخسێنێت، تا بەئاسانی کەسایەتی خۆی نیشانبدات، و هەست وسۆزەکانی خۆیی دەربڕێت،بەمەش کاریگەرێی لەسەر خوێنەر بەجێبهێڵێت، وایلێدەکات

٥- بوونی مۆنۆلۆگ لەڕۆماندا، خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ ناو دەقی ڕۆمانەکە و ئارامی پێدەبەخشێت، تا کۆتای ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت، و لەبێزاری دوریدەخاتەوە،

ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی لەڕووی دەروونیەوە بەردەوام هەست بەنزیکی دەقەکە بکات، چونکە ڕۆمانتووس بەهۆی ئەم تەکنیکەوە هەستەکانی خوێنەر زیندوودەکاتەوە، چونکە لەپشت هەر وشەکەوە هەستێکی ڕاستەقینەی نیشاندەدات، وەکو خۆشی، خەم، تووڕەی، ترس ....

٦- مۆنۆلۆگ هۆکارێکە بۆ دەرخستنی بیرۆکە و ململانێکانی ناوەکیەکانی کارەکتەر زۆرجار وەک ڕێگەیەک بۆچارەسەرکردنی کێشەکان و ڕازیکردنی خوێنەر بەکاردیت.

بەشی دووەم

جۆرەکانی مۆنۆلۆگ و پراکتیزەکردنی لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)ی بەیان سەلماندا

مۆنۆلۆگ ئەو بارە دەروونییەیە، کە کارەکتەر لە حاڵەتی گرژی و سەختیدا دەیڵتە پەناگەیەک بۆ خۆی و خەمەکانی و دەردە دڵیەکانی بۆ خۆی باس دەکات، هەر خۆشی بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت. بەڵێ دەنگ و بەڵێ بوونی هیچ گوێگرێک هەموو هەستەکانی دەردەبڕێت. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەرونی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە. بەجۆرێک هەموو ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ کار لە دەرونی تاک دەکات، هەندێک جار وەکو گرێیەکی دەرونی لە ناخی کارەکتەردا دەمێنێتەوە، چونکە لەکاتی خۆیدا دەرنەبڕدراوە، کارەکتەر لە هەر کاتێکی گونجاودا بۆ ڕزگار بوون لەو گرێیە دەروونیە وەکو مۆنۆلۆگێک دەردەبڕدرێت. ئەم تەکنیکە بەگشتی لە چیرۆک و ڕۆماندا بەکاردێت، جوانییەک بە گێڕانەوەکان دەبەخشێت، هاوکات بارسوکیەک لە لایەنی ڕۆحی و دەروونیەوە بۆ خوێنەر دروست دەکات، ڕێگەیەوە گرێ دەروونییەکانی خۆیی لە ناو قوڵایی گێڕانەوەکاندا دەدۆزێتەوە.

مۆنۆلۆگ بە پێی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکایەکانی دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە، کە هەر یەک لە ڕەخنەگرەکان تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بە جۆرەکانی مۆنۆلۆگ هەیە. مەحمود فەلەکی لە باسی مۆنۆلۆگدا پێیوایە ((چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆک لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە مشتومڕی لەسەر کراوە، ئەفلاتوون گێڕانەوە لە چیرۆکدا بۆسێ جۆر دابەش دەکات.

١- کارەکتەر خۆی قسە دەکات وەک شانۆگەری، واتە گێڕەوە خۆی چیرۆکەکە لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆوە دەگێڕێتەوە.

٢- گێڕەوە چیرۆکەکە وەک کەسی سێیەم دەگێڕێتەوە (گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ)

٣- تێکەڵەیەک لە گێڕەوەی چیرۆکەکە و کارەکتەری گێڕەوە واتە هەندێکجار گێڕەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و هەندێك جاریش کارەکتەر چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە))(**baang news.net/994**

مۆنۆلۆگ دەکرێت بە دووجۆرەوە

٢-١-١یەکەم: مۆنۆلۆگی دەروونی (مۆنۆلۆگی ناوەکی)

یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت. مۆنۆلۆگی دەروونی بریتییە لە ((گێڕانەوەی دەرون و هەستی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە بەجۆرێک کارەکتەر لە ڕێگەی قسەکانی خۆیەوە ژیان و بیرکردنەوەی خۆیی ئاشکرا دەکات.))(بەهرامیان:٢٠١١، ٧٧)

کارەکتەر هەموو ئەو گۆڕانکارییە دەروونیانە نێو ناخی خۆی دەخاتە ڕوو، لەم حاڵەتەدا گێڕەوە، هەوڵدەدات تێکەڵ بە بیرکردنەوەکانی کارەکتەر نەبێت، خۆی بەدوور دەگرێت تەنها بیرەوەریەکان بگوازێتەوە. ((بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ، هەندێک جار وەک ڕاناتێکی تەواو پرۆسەی هۆش پەسەند دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پیشاندانی ئەندێشە، وێنەی هزری، هەست و هەندێک ڕوالەتی دیی بیرکردنەوە خۆشیان بە گوتن دەرنابڕدرێن، ڕوونە بۆیە دانەر دەتوانێت ئەم ڕەگەزانە تەنها بە گۆڕانیان بۆ جۆرێک لە گوتن کە هاوشانی واتایان بێت دەردەبڕدرێت))(کەسنەزانی:٢٠١٢، ١٨٨). لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر چاوەڕوانی وەڵام ناکات، چونکە هیچ گوێگرێک بوونی نیە.

ڕۆژانە مرۆڤەکان ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە دەروونیە بەکاردەهێنن، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ هەندێک کەس نائاساییە، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە گفتوگۆکانی منداڵ لەگانی یاری کردندا یاخود کەسانی بەساڵاچوو کە تووشی لاوازی بیرکردنەوەدەبن،یان کەسانی بەخشراوی کە بەردەوام لەبەرخۆیانەوە دەدوێن، ڕووداوەکانی ڕابردوو بە مۆنۆلۆگی دەرونیە دەردەبڕدرێت. ((کارەکتەر زۆر جار قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات وەک ئەوەی بە دەنگی بەرز بیرکاتەوە. هەر چۆنێک بێت، لەوانەیە وەرگر فریوبدات بە قسەکردنی لەگەڵ کارەکتەرێکی خەیاڵی یان دیمەنێکی نادیار بێت، و تەنانەت لەوانەیە کارەکتەرەکە لە ساتێکی شێتێتی و بێ یاساییدا بڕوا بە بوونی ئەو نادیارە بکات و نەفرەتی لێبکات.))(**https//thaqafat.com**)

لەو کاتەدا کارەکتەر هیچ گرنگی بە کەسی بەرامبەر نادات، بۆیی گرنگ نییە گوێگر بوونی هەیە یاخود نا، چونکە لە پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی ناوەکی خۆیدایە.

((ئەگەر گێڕانەوەی هزری لەشێوەی مۆنۆلۆگی دەروونی یان گوتارێکی ڕاستەوخۆی کارەکتەر بێت، ئەوا نووسەر ڕەنگدانەوەی ڕاستەخۆی لە فەزای هزری، و ناوەرۆکی هزری کارەکتەر یان کارەکتەرەکان لە بەر چاودەگرێت، ئەگەر لە شێوەی مۆنۆلۆگی دەرەکی بێت ئەوا نووسەر بەدوای خوڵقاندنی بیرۆکەی سروشتی و پێنگەی گێڕەوە لە دۆخی دیالۆگدا دروستدەکات.))(مولودی:١٣٩٦، ٩٤)

ڕۆمانتووس بە شێوەیەکی شاراوە بەڵێ ئەوەی هیچ دەستێوەردانێک بکات، ڕاستەوخۆ کارەکتەرەکان دەخاتە بەردەم خوێنەر، خوێنەریش دەتوانێت مێشکی کارەکتەردا بخوێنێتەوە، لە هەموو ئەو ڕووداوانە تێبگات کە بە مێشکی کارەکتەردا تێدەپەڕێت، چ لە قۆناغی پێش قسەکردن یان دوای قسەکردن بێت. بەجۆرێک گوزارشت لە بارودۆخی دەروونی و زەینی کارەکتەر بکات، لە ڕێگەی یادەوەری وبیرەوەریەکانی کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە.

دەتوانین بڵێن مۆنۆلۆگ ((پرۆسەیەکی تویکاریە))(سەعید:٢٠١٣، ١٤٣). خوێنەر لە ڕێگەیەوە پەی بە هەموو گۆڕانکاریە ناوەکیەکانی کارەکتەر دەبات. و ڕۆدەچێتە ناو قوڵایی نائاگاییەوە، لەم ئاستانەدا مێشک هیچ یاسایەکی ڕێزمانی ڕێکخراو نایگرێتەوە بەشێوەیەکی نارێک لە مێشک و زەینی کارەکتەردا دەخولێتەوە. ((مۆنۆلۆگی دەرونی سیمایی بیرکردنەوەکان نیشان دەدات نەک کاریگەری و تێڕوانینەکان))(حری:١٣٩٠، ٢٩) ناوێتە هۆکاری دەرخستنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە بەڵکو شوێنەواریی ئەو کاریگەریانە دەردەخات، کە جێبێشتووە لەسەر بیرکردنەوەکانی، واتە ڕەوتی دەروونی کارەکتەرەکانی لەگەڵ ئەوەی بیرکردنەوەیە دەکرێت تێگەیشتنیش بێت. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مۆنۆلۆگی ناوەکی ((ئەوەیە کە هەندێک جار ڕوودەدا کە جێناوی کەسی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، بە شێوەیە مۆنۆلۆگ دەچێتە ناو شەپۆلی هۆش))(عبدی و نووسەرانی دیکە:١٣٩٦، ٦١)

مۆنۆلۆگ دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە(((ڕوبەرت هیمفری)لە کتێبەکەیداکە لەسەر شەپۆلی هۆش نووسیویەتی دوو جۆری سەرەکی مۆنۆلۆگ دیاری دەکات کە بریتین لە (مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ))(حاجی:٢٠٠٩ ، ٢٤٥) بەڵام دواتر

ڕەخنەگران و نووسەران لە پاڵ ئەو دووجۆرەی کە ڕوبەرت هەمفری داینا جۆرێکی دیکەشیان دانا کە (خۆدواندن)ی پێ دەوترێت.

مۆنۆلۆگی دەروونی دەکرێت بە چەند جۆرەوە:

١:مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ

یەکێکە لە جۆرە سەرەکییەکانی گێڕانەوەی بەشێوەی مۆنۆلۆگی دەروونییە، لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، ئاخاوتن دەکات بێ ئەوەی هیچ گوێگرێک بوونی هەبێت، نووسەر و وەگێڕ دەرناکەون، لەکاتی دیالۆگەکەی کارەکتەرەکەدا هەستیان پێناکرێ،. بە هەردوو جۆرەکانی جێناوی کەسی یەکەمی(سەربەخۆ)،(لکاو) قسەدەکات و گوزارشت لە ناخ و هەستی خۆی دەکات. بە هۆی ئەو جێناوەوە دەزانین کە مۆنۆلۆگەکە ڕاستەوخۆیە، ((چەمک و نهێنێ(من)هەمیشە پرسی بنیادی ڕۆمان بووە، سەرەتا گێڕەوە ئەوروپاییەکان ئاگاداری زاراوەی دەروونناسیی نەبوون، کارەکتەرەکانیان دروست دەکرد و بە کردارەکانی خۆیان لەوانی دیکەیان جیا دەکردەوە، بەڵام کاتێک کە ڕووبووەوە (جیهانی بینراوی کردارەکان) زۆر گونجاو نەبوو بۆ تێگەیشتنی و درک پێکردنی (من)لە ڕۆمانەکاندا، (من) لە ڕۆمانەکاندا ڕوو لە ژیانی ناوەوە دەکات.))(کوندرا:١٣٨٢، ١٦) چونکە بە بەکارهێنانی جێناوی (من) دەقەکە ڕەهەندێکی مرۆیی بەهێز وەردەگرێت، ئەمەش وادەکات خوێنەر بەباشی لە کەسایەتیەکان و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە نزیک ببێتەوە.

واتە ((بەکارهێنانی ڕاناوی قسەکەر بە زۆری بەڵگەیە بۆ گەورەکردنەوەی زات))(بەرزنجی:٢٠١٤، ١٠٢)، زات بە واتای خودی کارەکتەر کە بە زمانی خۆی دەدوێت، ڕۆمانووس دەسەڵاتێکی ڕەها بەکارەکتەر دەبەخشێت. بایەخ بە دەرکەوتنی ڕۆمانووس نادرێت، ((بزربوونێکی تەواو یان نیمچە بزربوونێکی نووسەر لە پارچە ئەدەبیەکەدا هەستی پێدەکرێت))(خاڵە دێوە:٢٠١٠، ٢٠٨) لەم ڕێگەیەشەوە خوێنەر ڕۆدەچێتە نێو قووڵای کارەکتەرە لە هەموو هەست و کێشەکانی تێدەگات.

لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا بەئاشکرا قسەی کارەکتەر دەردەکەوێت، بەجۆرێک ((ئێمە هەست بەوە دەکەین کە کەسایەتیەکە خۆی دەدوێت، کەسێک نەیهێناوەتە دواندن تاکو گوێی لێبگیرێت کەچی لە واقیعدا نووسەر و خوێنەر هەیە، بەڵام لەکاتی خوێندنەوە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەبێ هەست بە بوونیان نەکرێت، بەمەش کەسایەتیەکە سەربەخۆ دەبێت لە دەربڕینی ئەو هەڵوێست وکرداری سایکۆلۆژیانەی کە لە دەروونیاندا هەیە))(ئیسماعیل:٢٠٢٢، ٤٦)

لێرەدا ڕۆمانووس دەبێت هۆشیار بێت لەوەی کاتێک کارەکتەر دەدوێت، بۆ ئەوەی خوێنەر درک بەوەبکات کەڕۆمانووس ئامادەی نییە، واتە((هەستبەوە نەکات کە خاوەنی ئەو دەقە ئاگاداری ئەم گێڕانەوەیەیە))(حوسێن:٢٠٠٧، ٢١٨)، بەمەش عەقڵ و دەروونی کارەکتەرە نیشان دەدا، لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموون و بیرەوەری و هەست و سۆزەکانی دەردەبڕێت. لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر بەشێوەیەکی سەربەستانە دەربڕینەکانی دەردەبڕێت. وا بیرکاتەوەکە نووسەر بێئاگایە لە هەستەکانی کارەکتەرکە هەموو حەزو ئارەزوو خۆشی و ناخۆشییەکانی خۆی بەڕەهای دەردەبڕێت، دوور لە هەر بەربەستێک کە لە واقیع ژیان و واقیعی ناو چیرۆکەکەدایە.

لەم ڕۆمانەدا لەلایەن بەیان سەلمانەوە، مرۆف وەکو بڵندەیەک نیشان دەدا ،کە هەمیشە بەدوای ئازادیدا وێڵە، لەهەر بستە خاکێکی ئەم زەوییە بێت، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات. دەیەوێت لەیەکێک لە وێستگە ئاڵوزەکانی ئەم جیهانەدا بەئازادی بنیشێتەوە، ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی کۆمەڵێک گەنجی ژیان سەختە، ڕۆمانووس بەشێوەی مۆنۆلۆگ، ژیان و نەهامەتییەکانیان باس دەکات! لەڕێگەی کارەکتەر و وەگێڕەوە گوزارشت لە ناخیی ئەم گەنجانە دەکات.

کۆمەڵێک مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ هەیە، تێدایە خوێنەر ئاوێتەی هزر و ناوەوەی کارەکتەرەکان دەبێت، بەمەش بۆ چەند چرکەیەک ڕەگەزەکانی شوێن و کات ئامادەی خۆیان لە نێو ڕۆمانەکە لەدەست دەدەن، بۆ ئەوەی کارەکتەر واقیعی بوونی خۆی زیاتر دەربخات، هەستەکانی ڕاشکاوانەتر دەردەبڕێت. لەم گێڕانەوەیەدا بەتەواوی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، چونکە خوێنەر هەست بە شوێن پەنجەی ڕۆمانووس ناکات، دەچێتە نێو ناخی کارەکتەرەوە.

بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ڕۆمانەکە ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە دەبینین، لەلای کارەکتەرەکانەوە، لە ڕێگەی (کەریمە)ەوە، کەیەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە، ڕۆمانووس بە جێناوی کەسی یەکەم/قسەکەر ئەوەی لە ناخی کارەکتەردایە باسی دەکات، بەشێوەیی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، (("کەریمە چاوی بڕیبووە ناخی، سەر زەنشتی خۆی دەکرد: ""من کە خۆم لەو هەموو بەدکارییە داوە، لە ژیانی شەوان و نهێنی ڕۆژان بەوڵاوە هیچ ڕۆژێکی ڕووناکم نەبینی، بە ئاگادارپی من شەیما کوژرا، لەوانەیە ئامادەییم تیا بوویێت منیش لەپێناو ئەوەی خۆم دەرباز بکەم، یان بۆ پارە کەسێک بکوژم، کەچی ئەوەتا پلانێکی میترۆم بۆ تەگبیر ناکرێت! بە ڕاستی ئێستا لاوازیم دەبینم، دەبوو من هەرگیز پارەی پیس فریوم نەدات، ئەوەتا ئاکامی خراپەکاریم گەیاندمییە کوێ!""))(ل٨٩)، خوێنەر لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە پێگەی کۆمەڵایەتی کەریمەی بۆدەردەکەوێت، و دەچێتە قووڵای ناخییەوە، ئاگاداری هەموو ئەو نەهامەتیانە دەبێت کە لەڕابردوودا تێدا ژیاوە، دەتوانێت پێشبینی داهاتووی بکات، چونکە دەزانێت ڕووداوەکان چ کاریگەریەکی لەسەر جێهێشتووە.

یەکێکی دیکە لە مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆکانی ناو ڕۆمانەکە، ئەوەیە کە ڕۆمانووس خوێنەر دەباتە قوڵایی ناخی (کەریمە)ەوە، ناوی ڕاستەقینەی (ڕەغدە) بووە، پەشیمانە لەو ڕۆژانەی، کە وەک کەسێکی بەدکار بەسەری بردووە، لەبەر ئەم هۆکارە شوناس و ڕابردوو، خۆیی گۆڕیوە، بەڵام هەمیشە ڕابردوو وەکو دیوەزمەیەک بەدواوەیەتی، لە ناخ وهزریدا ناتوانێت بیسڕێتەوە، ڕۆمانووس لە ڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە خوێنەر ئاشنای ژیانی (کەریمە) دەکات. بەجۆرێک هەست بە بێهێزی و لاوازیی کارەکتەر دەکات، کە ناتوانێت خۆیی لەو ڕابردووە تاڵ و تاریکە دەربازبکات، وەکو مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بەڕێبکات.

مۆنۆلۆگێکی دیکەدا (فرانسواز) کو مامۆستایەکی خانەنشینی فەرەنسییە، لەبارێکی دەروونی ئاڵۆزدا بەتەنها دەژی، بەهۆی لەدەستدانی کوڕەکەیەوە، بەچاوی بەزەیی و میهرەبانیەوە سەیری ئەو پەناهەندانەی دەکات کە ڕوو لە وڵاتەکەیان دەکەن، جیاواز لەو کەسانە بیردەکاتەوە کەبە چاوی تووندوتیژ و ئاژاوەگێڕ سەیریان دەکەن. ((منیش حەپەسام، ئەوەتا بەرەو ڕووی ئەوە بوومەتەوە: ئایا بهێڵم ئەو کوڕە گەنجانە بێنە ماڵەکەم و نانێکیان بدەمێ؟ یاخود وەکو ئەوانەی دەریان دەکەن و بە دز و جێی مەترسی لە قاڵبیان دەدەن، منیش بەڕێیان بکەم. لە ڕاستیدا زۆرم نەویست بۆ بیرکردنەوە....))(ل١١٣)،

٢- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ

ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە لەڕێگەی کەسێکی دیکەوە دروستدەبێت ، کە دێتە ناو بازنەی تاکەکەسی کارەکتەرەوە، لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا هەست بە بوونی نووسەر یان وەگێڕ دەکرێت، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ.

لەڕووی زمانییەوە جێناوی کەسی دووەم یان سێیەمی بەکاردێت لە جیاتی جێناوی کەسی یەکەم (من،ئێمە)، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیگێڕێتەوە، ئەم شێوازە ((شێوازی ڕەنگدانەوەشی پێدەوترێت، وتەکانی ناڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەوەی کەسی سێیەمەوە دەردەبڕدرێت، جێگۆڕکی بینی وشەکان دەکات لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چیرۆکەکە لەلایەن گێڕەوەوە نەگێڕدرێتەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی مێشکی کارەکتەر دەگێڕێتەوە.))(عبدی و نووسەراانی دیکە:١٣٩٦، ١٦١) کەواتە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیەکە وەگێڕ بابەتێک پێشکەش دەکات وەک ئەوەی لە ڕێگای ئەم بابەتەوە ڕێگا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەویش بەهۆی لێدوان وەسف کردنەوەیە، لە ناو مۆنۆلۆگەکەدا ((دەنگی نووسەر و خوێنەر پێکەوە ئامادەگییان هەیە))(سعید:٢٠١٣، ٨٣)

جیاوازی سەرەکی ئەم مۆنۆلۆگە لەگەڵ مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لەوەدایە نووسەر دەستێوەردان لە زەینی کارەکتەر و خوێنەردا دەکات، ئەم مۆنۆلۆگە سیفەتی سەرەکی مۆنۆلۆگی دەروونی وەردەگرێت، بەوەی کە ڕاستەوخۆ لە ئاگاییەوە دەردەکەوێت، کەواتە ئەم جۆرە لەتوان نووسەر و کارەکتەر دروست دەبێت، کە نووسەر دەچێتە قوڵایی دەروون وهەموو شتە شاراوەکانی ناو ناخی کارەکتەر. ((ئەم مۆنۆلۆگە کە نووسەری هەموشتزان بابەتێکی گوتراو و پێشکەش دەکات بە شێوەیەک وەک ئەوەی لە زەینی کارەکتەرێکەوە بێت. لەمۆنۆلۆگەدا وەگێڕ ئاگای لە هەموو هەڵسوکەوتێکی کارەکتەرەکانە لە هەموو ڕوویەکەوە.))(خالە دێوە:٢٠١٠، ٢١٤) .

وەگێڕ ئاگاداری هەموو جوڵە و ڕەفتارەکانی کارەکتەرە، ڕاستەوخۆ هەموو بیرکردنەوەکانی دەخاتە ڕوو. ئەمەش کارێکی گرانە چونکە ڕۆمانnووس ئاوێتەی خەیاڵ و هۆشی مرۆڤ دەبێت، دواتر ڕۆدەچێتە قوواڵای مێشک و دەروونی کارەکتەرەکەوە، تا دەگات بە ئاستی بەر لە وتن، کە ((ئاستێکە کە خۆی بە دەست پرۆسەکانی "چاودێرییکردن، کۆنترۆڵکردن، ڕێکخستن"ەوە نادات و بارێکی ناجێگیری هەیە، واتە لە هەر ساتێکدا ئەگەری گۆڕانکاریی یان لەناوچوون یاخود گۆڕانی هەیە بۆ زمانی ئاسایی/گۆکراو.))(محەمەد:٢٠٠٩، ١٨١)

لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا ڕۆمانووس لە ڕێگەی وەگێڕی بە جێناوی کەسی دووەم یا سێیەم کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژە بەکاردەهێنرێت، کە دەبێتە یارمەتیدەرە بۆناسینەوەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە بۆ نموونە: بیرکردەوە، لەدڵیی خۆیدا گوتی، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، گوتی. هەندێک جاریش لە ڕێگەی خاڵبەندییەوە مۆنۆلۆگەکە دەردەکەوێت. هەندێک جاریش هیچ کام لەم دەستەواژانە بەکارناهێنرێت، خوێنەر بەڵێهاتووی خۆی دەچێتە ناوبیرکردنەوەکانی کارەکتەرەکانەوە.

لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)یی بەیان سەلماندا، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیی چەند کارەکتەرێک نیشانی خوێنەر دەدات، لەڕێگەیەوە گوزارشت لەو بارە دەروونییە دەکات کە لەئەنجامی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات بۆیان دروست بووە، چۆن کاریگەریی لەسەر دەرون و ناخی کارەکتەرەکان کردووە. بەشێکی زۆری مۆنۆلۆگەکانی بە شێوەی ناڕاسەوخۆ بەکارهاتووە، لەبری جێناوی کەسی یەکەم(من) جێناوی کەسی سێیەمی تاک(ئەو) بەکارهاتووە. ڕەغد یەکێکە لەکارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، لەبارودۆخێکی ناهەمواردا ژیان دەگوزەرێنێت، هزر و دەروونێکی ئاڵۆزی هەیە، وەگێڕ لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ناخی (ڕەغد)ەوە، دەیەوێت ئاگاداری هەموو ئەو بیرۆکانەبێت کە لە ناو مێشکیدا دەخولێتەوە، لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە، پاشان کاریگەریەکانی لە ئێستای ژیانی (ڕەغد) نیشاندەدات.

((لە دڵی خۆیدا گوتی: ""باڵندەی گۆشتخۆریش هەر دەیشنەوە!"" .....))(ل:٤١) لەم مۆنۆلۆگەدا وەگێڕی هەمووشتزان لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆوە دەچێتە ناخی ڕەغدەوە، دیوی ناوەوەی نیشاندەدات لە حاڵەتێکی دەروونی ئاڵوزدایە لە نێوان ترس و سەرلێشواوی خۆڕاگریدا لەگەڵ ئەوەشدا بەبیندەنگی لەڕێگەیی زەینەوە لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت. ڕەغدە لە کاتی سەیرکردنی فلمێکدا باڵندە گۆشخۆرەکان دەبینێت بۆ ساتێک ئارامی دەنیشنەوە سەر زەوی، وەکو باڵندەیەکی گۆشتخۆر سەیری خۆیی دەکرد، کە چۆن بەدوایی شوێنێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی تێدا ئارام بگرێت. وەگێڕ لە ڕێگەی زەین و هۆشییەوە لایەنی دەروونی کارەکەر/ڕەغدە نیشانی خوێنەر دەدات.

((لە دڵەوە لە خۆی پرسی: "ژیان ئاوایە، ئەوجا با کەسێک بگەڕێ و بزانێت کێ دەناسێت کە بەدوای قازانج و دەسکەوت نەکەوتێ؟))(ل٦٧)

لەم مۆنۆلۆگەدا وەگێڕی هەمووشتزان دەچێتە ناو دەروونی کارەکتەر/ڕەغدەوە، هزر و بیرکردنەوەکانی لەگەڵ ئەو ئەزموونە تاڵانەی لە تەمەنیدا بووبوونە وانەیەک بۆی بەرامبەر ژیان تێکەڵ دەکات، خوێنەری لێ ئاگادارەدەکاتەوە. ((بیدەنگی کێوێک بەسەر ڕەغدەدا زاڵ بوو چووبووە ناو بیرکردنەوەیەکی قوڵ نەیەویست کەس پەتەکەی بپچڕێت. هەر لە لێکدانەوەی ئەوە بوو چۆن بەیەکجار بروات، بتوانێ جارێکی دی بە ناوی ڕاستی خۆی بانگی بکرێت و ئەم بەدکردارییانەی لە بیربچێتەوە.))(ل٦٢)، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەڕێگەی شەپۆلە زەینیەکانەوە کە نێو نائاگای کارەکتەر/ڕەغدەدا دەخولێتەوە، وەگێڕ بە جێناوی کەسی سێیەم دەدوێت، ڕووداوەکانی ڕابردوو بەشێوەی مۆنۆلۆگ دەگێڕێتەوە، ((ڕەغدە لەو ساتەدا بیری لە شەما و دایکی ئەم و خۆی دەکردەوە. چەند جەستەیەکی بێ دڵی لەخۆیاندا دەبینی ، بە پێوەن، نان دەخۆن بەڵام مێشکیان پڕە لە خەیاڵی ئەشکەنجەدەر و تووندو تیژ، وەک کۆنێکی گەورەی بەتاڵ لە جێی دڵیان بێت ئەوها بەبێ هیچ هەستێک سینگیان قەپات دابوو.))(ل٧٠) ڕۆمانnووس بەزمانێکی پاراو و وەسفی ئەو دیمەنە دەروونییە دەکات، کە ڕەغدە تێدا دەژی، و بەردەوام خوێنەر لە نێو گێژاوێکی گەورەی بیرکردنەوە لە ڕابردوو دەخولێنێتەوە.

لە مۆنۆلۆگێکی دیکەدا ((لە دڵی خۆشیدا بەهانەی ئەوەی دەهێنایەوەکە ئەوەی نیازمانە تەنها بەحەز ئەنجام نادرێت. ئەگەر مەیلی مرۆڤ سنووردارێکی بۆ دانەنرێت پەڕی لێدەڕوێت و بە گشت لایەکدا دەفرێت .....))(ل٦٤). لێرەدا دەنگی ڕۆمانnووس بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بیروڕاکانی ڕەغدەوە لە زاری خۆیەوە دەردەبڕێت، پەیامی خۆی لەم ڕێگەیەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت. سەبارەت بە ئەزموونی ژیان و تێپەڕاندنی ڕۆژەکانی تەمەن.((ڕەغد بیری بەو هەموو بیرە ترسناکانە جەنجاڵ بوو، لە دڵەوە لە خۆی پرسی : ""ژیان ئاوایە، ئەوجا با کەسێک بگەڕێ و بزانێت کێ دەناسێت کە بەدوای قازانج و دەسکەوت نەکەوتێ؟"".....))(ل٦٧) لێرەدا (ڕەغد) لەوپەڕی ئەو نائومێدییانەیی کە تێدا دەژی، بیرو بۆچونی خۆی سەبارەت بەو ڕۆژگارە دەردەبڕێت، پێوایبوو هیچ کەس بەبێ بەرامبەر هاوکاری کەس ناکا!

ڕەغد ((لە دڵی خۆیدا بریاری دابوو، ئەم وڵاتە و لە پێشاندا مێژووی شەخسی خۆیشی جێ بهێڵێت و لە جێیەکی تری دیسان دەست پێ بکاتەوە، ئەوە ئەگەر دەستپێکردنەوە بەڕاستی بوونی هەبێت.))(ل٧٢)

وەگێڕی هەموو شتزان جێناوی کەسی سێیەمی تاک بەکاردەهێنێت، هەموو ئەو فشارە دەروونیانەی کارێگەری لەسەر (ڕەغدە) هەبوو، بەجێهێشتنی وڵات، سڕینەوەی شوناسی خۆیی هەر لە ناوەکەیە کە بەناوی کچی سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق ناونرابوو، تا دەگات بەوەی کە وەکو سۆزانییەک ژیانێکی پڕ ترس و سەرلێشێواوی

بەسەر دەبرد، دەیەوێت سەراپای ڕابردووی بگۆڕێت و دووبارە ژیانێکی نوێ دەست پێبکاتەوە.

((ڕەغدەش کە بە بڕوای خۆی زۆر چاک بۆ ئەو کارە ئامادە کرابوو، لەگەڵ خۆیدا بەهەڵە کەوتەوە، لەسەرەوە ئارامییەکی بێوێنەی خوێنسارداندی گرتبووە ڕوخساری، لە ناخی خۆشیدا دەکوڵا، توشی ورێنە بوو و سەری لێ شێواببوو. بەخۆی دەگوت" زۆر باش دەکرێ کە ئەو کەسەی کۆشت ئەنجام دەدات، حیکمەتێکی تایبەتی خۆی هەبێت!"))(ل٦٥) لێرەدا ڕۆمانتووس دەیەوێت بە مۆنۆلۆگ وەسفی ڕەغدە بکات، ئارامی ڕووخساری نیشانی خوێنەر بدات، هەرچەندە ناخێکی شڵەژاوی هەیە، دەیەوێت بڵێت کاتێک هەرکەسێک دەکەوێتە داوی خراپەکارییەک یان تاوانێک ئەنجام دەدات، هۆکارێکی هەیە، کە کارێگەری لەسەر دەرووحی دروستکردووە هەرچەندە هەوڵی شاردنەوەشیبدات.

((هەندێ جاریش لە دڵی خۆیدا بانگەوازی خودای دەکرد، ڕزگاری بکات لەم بیرۆکە ڕەشانەی ببوونە تیری ئاگر بە گیانی هەر زوویش بە خۆیی دەگوت چۆن ڕووم دێت بانگەوازی خودا بکەم کە من خۆم لە جێیی ئەو دادەنێم و دەبمە جەلاد بە گیانی کەسێک گوایە بەدکارێی لە ئاست کردووین! ئەوەتا نە خودام بۆمایەوە لێی بپارێمەوە، نە پارەیەک داهاتوومی پێ تەگبیر بکەم، نە تەنانەت کەسێکیش بیرم لێ بکاتەوە! خۆشم وردەوردە هەموو کەسێکم بیر دەچێتەوە، تەنها شەیما نەبێت، بەو لێوە وشکانەی، جاریش نییە تینویەتیان بەسەرەو نەبینم.))(ل٨٩)

دیسانەوە ڕۆمانتووس بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ناوەوە هەست وەدەرونی (کەرێمە)وە نیشاندەدات، بەشێوەیەک وەگێڕ دەسەلاتێکی تەواوی بەسەر گێڕانەوەکە هەیە، بە ئاشکرا هەست بە دەنگی دەکرێت، لە ڕێگەی جێناوی کەسی سێیەمی تاک دەیگێڕێتەوە، ئەوەمان نیشاندەدا کە هەرچەندە ڕەغد شوناسی کەسێتی خۆیی گۆڕیوە بەڵام ئێستا ناتوانێت لە بەرامبەر خۆدا داوای لێبوردن لە هەموو ئەو کارەخراپانە بکات، کە ڕۆژانێک ئەنجامی داوە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا خودا ڕزگاری بکات لەهەموو ئەو بیر و تەوژمە خراپانەی لەناو مێشکیدا دەخولێنەوە، دواجار هەستی نائارامی، خەجاڵەتی، گوشەگیری، شەرمکردن لە ڕابردووو شکست... هەموو هەستە نەرێنییەکان لەخۆیدا بەدیدەکات. بەجۆرێک ((لە دڵی خۆیدا خۆزگەی دەخواست کە بیتوانیبایە ڕابردوو بگۆڕێت. هەر وەکو فیلمەکانی زانستی خەیاڵی کە چۆن ڕابردوو دەهێنێتەوە بەر چاو و وەک خودایەک دەستکاری چارەنووسی کەسەکە و ڕووداوەکان دەکات.))(ل٨٦)

لێرەدا ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە ڕۆمانتووس بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باری دەرونی کارەکتەرەکان دەردەخات، گێڕانەوەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجامداوە، گێڕەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە ڕۆمانتووس خۆیەتی، پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بە خوێنەر دەدات، سەبارەت بەو نەهامەتی و ڕۆژە ڕەشانەیە کە هەموو تاکێکی عێراق بەهەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانەوە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا چەشتویانە.

٣- تەکنیکی خۆدواندن

یەکێکی دیکەیە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، لەنێو چیرۆک و ڕۆمانەکاندا پێگە و ڕۆڵی سەرەکی خۆی هەیە. لەم جۆرەدا نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرەوە هەموو ئەو نەهامەتی و ناڕەحەتیانەی کە هەیەتی و لەدڵ ودەروونیایەتی لە ڕێگەی خۆدواندنەوە دەکەوێتە قسەکردن ولەبەرخۆیەوە دەدوێت، بەشێوەیەک کە دەنگی دەبیستڕێت. ((ئەو شێوەیەیە کە کارەکتەر بیرو هەستەکانی بەزاردا دێت تا خوێنەر یان بینەر لە مەبەست و خوازتی بگات و هاوکات شێوەیەکبێت تا زانیاری لە بارەی کاراکتەری چیرۆک یا شانۆکەوە بگاتە خوێنەر))(کەسنەزانی:٢٠١٢، ٢١٢) هاوکاتدا دەبڕینی ئەو بارە دەروونیەی لە ناو مێشکیدا دەخولێتەوە. ((ئەو مۆنۆلۆگەیە کە لە ناو دەروونی کارەکتەردا پەنگی خواردووەتەوە و ئێستا کەوتووەتە سەر زمان، هەست و بیری خۆی بە دەنگی بەرز دەردەبڕێت بۆ ئەوەی گوێگر لە مەبەست و خواستەکانی بگات.))(ئیسماعیل: ٢٠٢٢، ٤٨)

ئەوەی ئەم جۆرە جیادەکاتەوە لە جۆرەکانی دیکە، ئەوەیە کە هەموو هەستە شاراوە و کپ کراوەکان لە ڕێگەی دەبڕینەوە دەداتە بەر هەستی گوێگر بەبێ ئامادەبوونی نووسەر. خۆدواندن ئەوەیە کە کارەکتەر بە دەنگێکی بەرز بیر و خەیاڵاتەکانی دەردەبڕێت، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە دەوروبەر گوێیان لێبیە یاخود ئاگادارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی بۆ خوێنەردەکات. ((خۆدواندن بەگشتی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێزمان و ڕستەسازیدا دەخرێتە ڕوو و هەمیشە بە شێوەیەکی لۆژیکی لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی دی و لە بیرۆکەیەوە بۆ بیرۆکەیەکی دی، دەردەبڕێت، بەڵام وەکو یەکەیەکی گونجاو نەک پچڕپچڕ.))(یاقووب:٢٠٢١، ٣٠٠)

خوێنەر لەڕێگەی هەندێک دەستەواژەوە دەتوانێت ئاشنایی ئەم تەکنیکە بێت، ئەوانیش بریتین لە (بەخۆیی گوت(وت)، لەبەر خۆیەوە گوتی، بەدەنگی بەرز گوتی، لە دڵی خۆیدا وتی، لە پێش خۆیەوە وتی، ....)

لە ڕۆمانی بانْندەکانیش دەنیشنەوە، ڕۆمانتووس کۆمەڵێک تەکنیکی خۆدواندنی بەکارهێناوە لە ڕێگەی وەگێڕی هەموشتزان و کارەکتەرەکانی ناوڕۆمانەکەوە. ڕەغدە ((بە خۆی گوت: "تازە نابمەوە بە بەشەرەکەی جاران!"....))(ل٣٩). لەم خۆدواندنەدا ڕەغدە لە باریکی دەرونی شڵەژاو لەنێوان ترس و ئازاری وێژداندا بیری لە شەیمایی هاوڕێی و یادەوەریەکانی ئەو ڕۆژەی تێدا کۆژرا دەکردەوە، لەگەڵ خۆیدا دەدوا وەکو کەسێکی ڕووخاو لە داهاتووی خۆیی دەڕوانی، پێوایە هیچ کات ناتوانێت نەوەک کچەکەی ڕابردوو بژی کە ناوی ڕەغدەبووە نەوەک کەریمە بەردەوامبێت.

لەخۆدواندنێکی دیکەی یەکێک لە کارەکتەرەکان بە ئامادەبوونی وەگێڕ دەدوێت، ((بەخۆیی گوت: "ئوهۆ! نازانم بۆ دەبێ لە خۆمەوە دڵم بە لای شتی ناخۆش بڕوات! ئێستا دێتەوە و لێیان ڕوون دەبێتەوە."))(ل٧٦) (نەوین) خوێندکاری زانکۆی بەغداد بوو، کاتێک لە بەشی ناوخۆیی لەگەڵ (ئامێز)ی هاوڕێی سەرقاڵی سەعیکردن و خۆ ئامادەکردن بوون بۆ تاقیکردنەوە، لەوکاتیەدا ئامێزدا لە لایەن کارمەندێکی ڕەنگ پەڕیوی پەشۆکاوەودا کە بە دەنگێکی نووساو بانگی دەکات، و لەگەڵ خۆیدا دەیبات، لەوکاتەدا نەوین ترس دایدەگرێت، بەمەش کارەکتەری(نەوین) لە باریکی قورسی چاوەڕوانیدا دەژی، ئەو ترسەی کە لەدڵیدا دروستبووە، بەتەواوی کار لە مێشکی دەکات و بیرکردنەوەکانی ئاڵۆزدەکات، ئەو نەێنیانەی دەدرکێنێت کە ڕۆمانتووس نەیدرکاندووە. بەمەش وا لە خوێنەر دەکات کە زیاتری شارەزایی ناوەوەی کارەکتەرەکان بێت.

((بەخۆی گوت: "خۆ هیچ نەبێت کورد پەتپەتێنی دنیایان پێنەکردین و هەوڵی لە ناودانیان نەداوین."))(ل٩٦) لەڕێگەی ئەم خۆدواندنەوە ڕۆمانتووس دەیەوێت لە ڕێگەی کارەکتەر /کەریمەوە باس لەو نەهامەتیانەبکات کە بەسەر مەسیحیەکان هاتووە، هەمیشە لەبەر دینەکە و کەمی ژمارەیان زوڵمیان لەبەرامبەردا کراوە، بەڵام دەیەوێت خوێنەر ئاگاریکاتەوە پێی بڵێت میللەتێکی کوردا میللەتێکی میهرەبانە بەرامبەر مەسیحیەکان و هیچ کاتێک ناتەبا نەبووە لەگەڵیان، هەوڵی لەناوبردنیانی نەداوە.

((بە خۆم گوت ئەوانە لەکۆلتوورێکی دیکەوە هاتوون و ڕێز لە کەسی بەتەمەن دەگرن....))(ل١١٧) لەم خۆدواندنەی ڕۆمانووس تێڕوانینی کەسێکی بێگانە دەخاتەڕوو سەبارەت بە کلتور و دابو نەریتی کوردەواری، لە زاری

کارەکتەر/فرانسوازدا دەوێت ،جوانیەکی دیکەی کلتوری کوردی نیشانی خوێنەربدا، کە میللەتێکن هەمیشە ڕێز لە ئەزموونی بە تەمەنەکان و گەورەتری لەخۆیان دەگرن.

٢-١-٢: دووەم: مۆنۆلۆگی شانۆیی

جۆرێکی دیکەیە لەگێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمانە بە میتۆدی شەپۆلی هۆش، کارەکتەر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لەم مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر بەجۆرێک دەدوێت کە قسە لەگەڵ کەسی بەرامبەردا دەکات بە بێ ئەوەی گوێ بە بوونی گوێگر بدات، ئەوەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە جیادەکاتەوە لە مۆنۆلۆگی دەروونی ئەوەیە ((کە کەسەکان ڕەنگە بوونیان ببێت یان ئەندێشەیی بن، بەڵکو هەن و ئەگەر چی گوێشمان لە دەنگیان نەبێت، بەڵام بەهۆی تاک جەمسەری ئاخاوتنەوە تەنانەت دەتوانین پەی بە کاردانەوەی و قسەکانی ئەویش ببەین.))(کەسنەزانی:٢٠١٢، ٢٠٩)

لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا ڕۆمانتووس بەشێوەیەکی لۆژیکیانە ڕێگە بە کارەکتەر دەدات، گوزارشت لە هەست و بیروبۆچونەکانی خۆی بکات، ڕاشکاوانە نیشانی خوێنەری یان بینەری بدات، چونکە هەموو کارەکتەرەکان سێبەری ڕۆمانتووسن و بیروڕاکانی ئەو دەگوازنەوە.

لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا ڕۆمانتووسان ئەم تەکنیکە کەمتر لە گێڕانەوەکانیاندا بەکاردەهێنن. چوونکە ((جیاوازی نێوان مۆنۆلۆگی شانۆیی و مۆنۆلۆگی ناوەکی لەوەدایە کە لە مۆنۆلۆگی شانۆیدا کەسێک ئاراستە دەکرێت، بەڵام لە مۆنۆلۆگی ناوەکیدا کەس باس ناکرێت و خوێنەر ناڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەبێت. لە شێوازی نووسینی مۆنۆلۆگی دراميدا وەک ئەوەی کەسێک بە دەنگی بەرز لەگەڵ کەسێکی دی قسە بکات و هۆکارێکی دیاریکراوی هەبێت بۆ ئەوەی بابەتێکی دیاریکراو بە بینەرێکی دیاریکراو بڵێت، ئەم بینەرانە لە خودی چیرۆکەکەدایە. خوێنەر دەتوانێت لە وشەکانی گێڕەرەوە تێبگات کە ئەو لە کوێیە، کەی دەژیت، و لە چیرۆکەکەدا باسی کێ دەکات.))(**https://www.teklame.com**)

بۆنموونە لە ڕۆمانی بانْدەکانیش دەنیشنەوە ئەم مۆنۆلۆگە بوونی هەیە، ڕۆمانتووس لەڕێگەی وەگێڕەوە لە ناخی کارەکتەرەوە/کەرەم دەردەکەوێتەوە، بەشێوەی مۆنۆلۆگی شانۆیی کەرەم دەکەوێت قسەکردن لەگەڵ خۆیدا بەشێوەی شەپۆلێکی پچڕ پچڕی و ئاڵۆسکاوی ناو زەینی بەجۆرێک قسەی دڵی بۆ شەیما دەکات. ((لە دڵی خۆیدا بەردەوام قسەی ئاراستەی شەیما دەکرد: "تازە ئازەکارەکانم لەبریی تۆ دەهێنمەوە باوەش خۆم، ئیدی لێیان ناترسێم، بۆ لێیان بترسێم کە من ئەوەندە بەدکارم؟ ئەوەتا بە یەک بە یەکیاندا دەچمەوە، کێ دەڵێ تۆ مردووەکەی؟ نایبنی من چیم لێ هاتووە؟ بەڵام کە تۆ مردیت من هێشتا بە جەستە ماوم، دەژیم، تازە هیچشم بۆناگەڕێندرێتەوە، هەر دەبێ دەست بەوەوە بگرم کەوا لەپشتمە."))(ل١٣٠)

لێرەدا کارەکتەر بەجێناوی کەسی یەکەم، بەجۆرێک دەدوێت و قسەی دڵی بۆ کەسی بەرامبەر دەکات، لە پێناوی ئەوەی خوێنەر هەست بەبوونی کارەکتەرێکی دیکە بکات، هەرچەندە ئەو کارەکتەرە نە گوێگرە وە نە قسە کەرەشە، بەڵکو تەنها ئەندێشەی کەرەم خۆیەتی بە مۆنۆلۆگێکی شانۆییە کەرەم لەگەڵ خۆیدا دەیکات.

ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین.

1. مۆنۆلۆگ ئامرازێکی بەهێزە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هاوسۆزی لەگەڵ خوێنەر، واتە خوێنەر زیاتر بە هزروبیری کارەکتەر و ڕووداوەکانەوە گرێ دەدات، هەروەها خوێنەر ئاگادارەکاتەوە لە هەموو ئەو گۆڕانکارییە ناوەکیانەی کە لە ناخیدا ڕوودەدات.
2. لای ڕەغدە و شەیما (ترس، لەدەستدانی خێزان، دڵەڕاوکێ، نائارامی، خۆبەکەم زانین،...)، دەبێتە سەرچاوەی تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکانیان، بەڵام ئەم بڕیارە کارێگەڕیی نەرێنی لەسەر بیرکردنەوەکانیان دروست دەکات، بەرەو ئاراستەیەکی خراپ دەیانبات، بە لەناوچوونی شەیما، و ئاوارەیی و تێکچوونی ژیانی ڕەغدە کۆتایی دێت.
3. ڕەهەندە جیاوازەکانی(فیزیکی- دەروونی) کارێگەری لەسەر هزر و بیرکردنەوە، و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە کارەکتەرەکانەوە هەیە، بەشێوەیەک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لە نێوان جیهانی خەیاڵ و واقیعدا گونجاندووە، بەڵکو کارەکەرەکان ڕواڵەتی دەرەوەیان لەگەڵ کەسێتی و بیرکردنەوەکانیاندا گونجاوە. بەڵام لەڕووی بەکارهێنانی ڕۆمانتووس ناوی کارەکتەرەکانی کردووەتە ڕەمزێک بۆئەوەی دەلالەت لەو هەستە شاراوەیەیی ناخیان بکات. خوێنەر زیاتر ڕۆبچێتە نو ئە ڕووداو وکارەساتانەی بەسەریان هاتووە و کارێگەڕیی لەسەریان دروستکردووە، بەمەش ناو و کەسێتیان جیاوازە لەیەکتری، (ساماڵ) ناوی کارەکتەرێکە ژیانێکی ئاڵۆز و تەموژاوی هەیە، (ئامێز) کچێکی تەنهایە هیچ کەسێکی نیە، لە پەنایدا بەئارامی بژی.
4. ڕۆمانتووس مۆنۆلۆگ بەکارهێناوە بۆ نیشاندانی ناخی کارەکتەرەکان، هەروەها لەڕێگەیی دەربڕینی بیر و هزریانەوە، ناسنامەی کارەکتەرەکان ئاشکراکردووە، چونکە مۆنۆلۆگ ئاخاوتنێکی تاکەکەسییە، کارەکتەر خۆی قسە دەکات و هەستەکانی دەردەبڕێت، لەڕێگەی گریان و پێکەنینەکانیەوە یاخود ئەو دەستەواژانەی کە لە ناوەوەی مرۆڤەوە هەڵدەوقوڵێت، هەموو ئەمانە کارێگەڕیی لەسەر ئەزموون و بیرو بۆچونەکانی کارەکتەر دروست کردووە. لەڕۆمانەکەدا هەندێکجار لەڕێگەی وەگێڕەوە ڕووداوەکان دەگێڕدرێتەوە،خوێنەر چێژی لە دەنگە جیاوازەکان دەبینێت، چونکە کارەکتەر تەنها دەتوانێت باس لە ناخی خۆی بکات و هەستەکانی ناوەوەی دەربڕێت، ناتوانێت ئاگاداری دەروبەری خۆیی بێت و هەست بە تێڕوانین و ڕووداوەکانی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکانی دیکەی نێو ڕۆمانەکە بکات.
5. ڕۆمانتووس بە زمانێکی ئاڵۆز لەزاری وەگێڕ و چەند کارەکتەرێکەوە ڕووداوەکان بەشێوەی مۆنۆلۆگ دەگێڕدرێتەوە، وشەی و دەستەواژەی گونجاوی بەکارهێناوە بۆ دەربڕین و وێناکردنی هەستەکانی کارەکتەر. زیاتر لەخەمی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانیدا بووە.
6. لە ڕۆمانەکەدا گەڕانەوە بۆڕابردوو بەهۆی تەکنیکی فلاشباکەوە بەدی دەکرێت، کاتێک (ئامێز) باس لەوڕۆژانە دەکات کە چۆن بەیانیان بەدڵخۆشیەوە بۆ زانکۆ چووە، بەڵام بەهۆی دەستگیرکردنی ئارامی و خۆشگوزەرانی لێتێکچووە، ئەم ڕووداوە سەرتاپای ژیانی گۆڕیوە.
7. دوای شیکردنەوەمان بۆ ڕۆمانەکە بۆمان دەرکەوت کە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پێنج کەنجەکە خۆدواندن، بەکارنەهاتووە تەنها لە ڕێگەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆوە گوزارشت لە ناخی خۆیان دەکەن، خوێنەر ئاگادارەکەنەوە لەهەموو ئەو سەختیانەی پێدا تێپەڕیون.
8. (ئاو) لە ناخ و هزری کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەدا، بووەتە سەرچاوەیی ترس و نەهامەتی بۆیان، بینین و نزیکبوونەوەیان لە دەریاکان یادەوەریەکی تاڵیان بەبیردا دێتەوە، هەریەکەیان لەم حاڵەتەدا لێکدانەوەیەکی قوونی هەیە، وەکو سەرچاوەی

نەهامەتی دەیبینن بەڵام دواجار بیرکردنەوەکایان دەگۆڕێت، وەکو سەرچاوەی ژیانن و پاکبوونەوەی ڕۆح سەیریدەکەن.

سەرچاوەکان

کتێب

ئیسماعیل: ڕێبوار محەمەد،(٢٠٢٢)، مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، هەولێر. ١

سەلمان، بەیان: ٢٠٢١، *ڕۆمانی باڵندەکانیش دەنیشنەوە*، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.

بەرزنجی، عەلی تاهیر(٢٠١٤) ، چەند تێزێنەوەیەک ڕەخنەیی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر و بەرزنجی:عەلی تاهیر: (٢٠٢٤)، کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

دەوڵەت، مەریوان عمر: (٢٠١١) ، سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆک کوردی نێوان(١٩٢٥-١٩٥٠)دا، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی، سلێمانی.

حاجی: سەنگەر قادر شێخ محەمەد، (٢٠٠٩)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلی دا لێکۆڵینەوەیەکی(ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکاری)یە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

حوسێن، هێمداد(٢٠١٧)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی *کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

خاڵە دێوە، ڕێزان عوسمان: (٢٠١٠)، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی(١٩٨٥-١٩٩٠)،چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

سەعید، جەلال ئەنوەر(٢٠١٣)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کرمانجیی خواروودا(١٩٩١-٢٠٠٣) ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

*عارف،حوسێن: (٢٠١١)، نووسینەکانم لە بارەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.

عەلی، سامان محەمەد(٢٠١٢)، نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەری کوردیی کوردستانی باشوور(١٩٩١-٢٠٠٣)، مطابع الوقف المدینه، بغداد.

عەزیز، یێستون عارف:(٢٠٢٢)، بابەت و تەکنیک لە دەق ئەدەبیدا، چاپی یەکەم، تاران.

فەرەج: سنوور قادر،(٢٠٢٢)، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی(گوڵی ڕەش)ی شێرزاد حەسەندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

کەسنەزانی، بوشرا:(٢٠١٢)، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی١٩٩٥-٢٠٠٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

کەسنەزانی، بوشرا: (٢٠٢١)**a**، جواناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

کەسنەزانی، بوشرا:(٢٠٢١)**b** ، *ئاستانەی سبەینێ*،چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

مەجید، دیار فایەق:(٢٠٢١)، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی خاک بۆ چاپ و بڵاوکراوەکان، کەلار.

موفتی، پەری سالح:(٢٠١٢)، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

محەمەد، میران جەلال:(٢٠٠٩)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

نامەی ئەکادیمی

سعید، سەیوان محس طاهیر: (٢٠١٣) ، بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفتان دا،بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

عەلی، فەرەیدون عەبدوڵڵا:(٢٠٢٣) ، ڕۆڵی هێما زمانیی و نازمانییەکان لە بونیادی وێنە کاریکاتێریەکاندا، ماستەر، کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەتی، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

عەلی، سروە طاهیر: (٢٠١٥)، بنیاتی هونەری لە کۆمەڵە چیرۆک (هەڵۆ)ی ڕەوف بێگەردا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

محەمەد، ئیبراهیم قادر: (١٩٩٧)، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا١٩٧٠-١٩٨٠، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدی، هەولێر.

موکریانی، هێمن:٢٠٠٣ ، دیوانی مامۆستا (هێمن)ی موکریانی ١٩٢١-١٩٨٦، هەولێر.

گۆڤار

حسن، شڤان قاسم و عزالدین، نهایەت محمد صالح: (٢٠٢٣)، چاوانیا مفاوەر گرتنێ ژ نۆستالیژیایێ بۆ وەرارا تەکنیکا مۆنۆلۆگێ د ڕۆماندا- ڕۆمانا""ستۆلهۆلمێ تە چ دیت بێژە"" یا (باڤێ بازێ)وەک نمونە)، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، ژمارە ٢.

محەمەد، میران جلال: (٢٠٢١) ، تەکنیکی تەوژمی هۆش لە ڕۆمانی (ئەژدیهای)دا)، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی ٢٥، ژمارە٥، سلێمانی.

محەمەد، ئامینە یاسین: (٢٠٢٣)، مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لە ڕۆمانی(تەنیای) شێرزاد حەسەندا)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٥٥)، هەولێر.

سەرچاوەی عەرەبی

ارمن، سید ابراهیم و نهاد: زهرا پاک، (١٣٨٩)، تیار الوعی((التلصص)) لصنع الله ابراهیم، اثرات الادبی،السنة الثانیة، العدد الثامن.

همفری، روبیرت: (٢٠١٥)،تیار الوعی فی الروایة الحدیثة، محمود الربیعی، المرکز القومی للترجمة، القاهیره.

سەرچاوەی فارسی

بیات،حسین: (١٣٩٠)، داستان نویسی جریان سیال ذهن، انتیشارات علمی و فرهنگی، چاپ دوم،تهران.

بهرامیان. سهیلا: (١٣٩٠)، نگاهی به جریان سیال ذهن در داستان نویسی، تفسیر و تحلیل متون زبان و ادبیات فارسی(دهخدا)، دووره٣، شماره٩.

حری، ابو الفض(١٣٩٠) ، وجوه بازنمایی گفتمای روای جریان سیال ذهن و تک گویی درونی،پروهش ادبیات معاصر جهمان، شماره٦١،صفحه٢٥تا٤٠.

عبدی: صلاح و عباس: نسرین و افضلی: زهرا، (١٣٩٦) ، بررسی تحلیل تک گویی درونی و جریان سیال ذهن در رمان((الطنطوریه)) اثر رضوی عاشور، دو فضلنامه تخصص مطالعات داستان، سال پینجم، شماره اول.

مولودی، فواد: (١٣٩٤) ، آسیب شناسی "روایت ذهنی" در نخستین نمونه "تک گویی درونی" داستان فارسی: داستان کوتاه (فردا) از صادق هیدایت، دانشگاه و ادبیات و علوم انسانی دانیشگاه رازی، شماره١، کرمانشاه.

سایتەکان

*اسامه،افراح:(٢٠١٥)،(١٥-٤-٢٠٢١) ، المونولوج...المصطلح و الخصائص الدرامیه، //https://aljasrah.net

(https//thaqafat.com)

https://www.teklame.com